# ئاریاکان و نائاریاکان

دکتۆر روقەیە بەهزادی
و: فەرهاد خۆشناو

## پێشگووتار

نەتەوەشووناسی لەڕاستیدا ناسینی ڕەچەڵەکی نەژادی و وێستگەی نەتەوەیی وسەربردەی مێژوویی ئەو نەتەوانەیە کە لە لەڕۆژگارانی دێرین لە سنوورێکی جوگرافیاییدا ژیاون. ئەم خێزانە و کۆمەڵەیە خاوەنی نەژاد و زمان و کولتوورێکی هاوبەشن و لە رووی تایبەتمەندیەکانی فیسیۆلۆژییەوە کۆمەڵە لێکچوونێك لەنێوانیاندا دەبینرێت، بەڵام لەڕاستیدا هۆکاری جیاوازیان، زمانە. زمانی هەر نەتەوەیەك، ناسنامەی نەتەوەکەیە. ڕاستە کە کولتووری کۆمەڵگا و داب ونەریت، لە پێکهاتە گرنگەکانی ناساندنی ناسنامەی میللی هەر نەتەوەیەکە، بەڵام لەزۆربەی سەرزەمینەکان، هۆکاری باوەڕی ئایینیش ئاوڕی لێدەدرێتەوە کە هەندێجار بە هۆکاری گرنگی یەکگرتنی نەتەوەکان دادەنرێت. درووستبوونی نیشتیمانێکی هاوبەش لەنێوان نەتەوەکان بەم چەشنەیە کە لەسەر پێکهاتنی یەکێتی نەتەوەکان کاریگەرە.

لە نیشتیمانە بەرفراوانەکان ئەمجۆرە یەکێتیە جیاوازە. نەتەوەکانی بناری چیا بەرزەکان، خواوەندەکانیان بەگوێرەی تایبەتمەندی ژینگەی جووگرافیایی دەپەرەست و بەم چەشنە خواوەندی پاسەوانی چیاکان، خواوەندی کەش و هەوای باش و خواوەندی ئاوەکان پەیدابوون. تەنانەت ((تەووتم[1])) ەکانی پەرەستکردنی ئەم جۆرە نەتەوانە لەگەڵ هەڵ و مەرجی جووگرافیاییان دەگونجێت. بۆ نموونە لە پێدەشتە بەرفراوانەکانی ئۆراسیا، ئاسك و بزنی کێوی ئەم ناوچەیان پەرستووە، تەنانەت جادوو پزیشکان و جادووگەرانی رۆژگارانی دێرین، بۆ ئەوەی دۆخێکی پیرۆز بە پیشەکەیان بدەن، بۆ پۆشینی لەشیان کەڵکیان لە پێستی ئاسك وەردەگرت و کڵاویان لە قۆچی ئەم گیانلەبەرانە درووست دەکرد.

بەڵام لە ناوچە گەرمەسێرەكان وەك ولاتـی ئـەنزان و ئەنشان و خۆزسـتان لـە ئێرانـی كۆنـدا، سـەردەمی (مارـــ یەزدانی) واتە پەرستنی مار كە تایبەتە بـە ناوچــە گەرمەســێرەكان، لەســەر تــاجی پاشــا و شتوومەكی كۆشكەكانیان شوێنەوار و پەیكەری مـار بەرچاو دەكەوێت.

گــرنگترین هۆكــاری پەیوەنـدی و جیاكردنــەوەی نەتــەوەكان زمانــە. ئــەو شــتەی ئــەمرۆ پاڵنــەر و هاوكاری زانایانە بۆ ناسینی نەتەوە دێرینەكان، زمان و زانـستی (زمانناسـی) یـە. لـەم ووتـارەدا باسـی نیشتیمانی بەرفراوانی ئێران دەكرێ كە لە ڕۆژگارانی دێریندا پێكهاتبوو لە بەشێكی (ئاسیای ناوەنـدی) و میزۆپۆتامیا (بلاد الرافدین). هەروەها ناسینی ئـەو نەتەوانەی كە بەرلە كۆچی ئاریاكان لەم سەرزەمینەدا دەژیـــان و خـــاوەن فەرهـــەنگ (كوولتـــوور) و شارستانیەتێكی پێشكەوتوو بوون. لەم توێژینەوەیەدا سەرەتا سەبارەت بە ڕیـشەی نـەژادی، زێـد، زمـان، چـۆنیەتی جلوبـەرگ و تایبەتمەنـدی فیـسۆلۆژیكی و باوەڕی ئایینی و پاشماوە و شوێنەواری ئـەم نەتەوانـە دەدوێین. بۆ دەستپێكردن باسـی نەتـەوەی ئۆرارتـوو Urartu دەكرێ كە نەتەوەیـەكی سـەردەمی كـۆنی ئەم ناوچەیەن و لەتەوراتدا بەناوی (ئاراراتی) ناوبراون و ســـنووری جوگرافیایـــان ئـــەرمینیای ئێـــستا دەگرێتەوە.

دوایی باسی (مانا) كان دەكرێت كە لەباشـووری دەریاچەی وورمـێ دەژیـان. زانیـاری سـەبارەت بـە ماناكان لەڕێگەی ساڵنامەكانی (ئاشووری) وەدەست هاتوون. هوونەری (مەفرەغ سـازی)[٢] لۆرسـتان بـۆ ئەوان دەگەڕێننەوە. لە سـاڵنامەی ئاشـووریدا نـاوی پایەتەختیان (زیپیا) بوە كە لەوانەیە هەمان (زێـوە) بێت.

لوولووكان Lullubians ، نەتەوەی كێونـشینی بنارەكانی چیای زاگرۆسن. لە سـۆمەریدا ناویـان بـە واتای ((پیاو و مـرۆڤ)) بـووە. زمانەكـەیان سـەربە كۆمـەڵەی زمانی (عیلام) و نەتـەوەكانی نیـشتەجێی داوێنەكانی زاگرۆسە.

كاسـیەكان Kassites نەتەوەیـەكی تـرن كـە هەنـدێ پێیـان وایـە لـە نـەژادی قـەفقازیین و بـە سووارچاكی لێهاتوو و كارامە دادەنرێن. ئەم نەتـەوە لە كۆتاییەكانی هەزارەی دووەمی پێش زایـن هاتنـە ناوچەكانی بابل و بۆماوەی دووسـەدە دەسـتەڵاتداری ئەو ناوچانە بوون. داكووتانی هێمای بەردین بـەناوی كوودوورو Kudurru، كە بریتی بوون لە كۆمەڵـە بەردە نووسراوێك كە دەستووری پاشای سەبارەت بـە بەخشینی زەوی لەسەر دەنووسرا، بە داهێنـانی ئـەم نەتەوەیە دادەنرێت.

گووتیەكان Guttians نیـشتەجێی بنارەكـانی ڕۆژئاوای زاگرۆزبوون، واتا ئەوشوێنەی دواتر (مـادی ڕۆژئاوا) لـەوێ بناغـەی دەسـتەڵاتی خـوی داكوتـا. زمانی گووتیەكان لەگـەڵ زمـانی گـەلانی عیلامـی هاوبەشبوو.

شارسـتانیەتی گـەورەی عـیلام Elam بـەناوی خووجــا Khuja و ئووجــا Uja نــاوبراوە و ئــەم شێوەناوە پەیوەندی لەگەڵ خوزستانی ئێستادا هەیە. لەهـەزارەی دووەمـی پـێش زایـن، ئـەو دەسـتەڵاتە نوێیەی كە لە عیلامـدا هاتـە سـەركار هەڵیكوتایـە سەر ناوچـەكانی میزۆپۆتامیـا و بـابلی داگیركـرد و تالانی كرد. سەبارەت بـە نـەژادی ئـەوان بەئاسـانی

ناکرێ هیچ شتێك بووترێت، بەلاّم لەوەش دەچێت کە نزیکاتیەکیان لەگەلّ نەتــەوەکانی نیــشتەجێی زنجیرە چیاکانی زاگرۆزدا هەبووبێت. هەنـدێ بڕوایـان وایــە لەوانەیە عیلامیەکان کێونشینانێك بووبن کە ئێـستا وەك هۆزی لوڕ ماونەتەوە. پێکهاتەی تایبەتی زمانی عیلامــی لــە شــێوەزارێکی ناوچــەیی قــەفقازیادا بەرچاوە. ئەم نەتــەوە خــەتی وێنــەیی سۆمەری بــۆ نووسین بەکاربردووە. ئایینەکــەیان جەوهــەرێکی فــرە یەزدانی هەبوو کە بریتی بووە لە شێوەی (دایك ــــ یەزدانی) و (مارــــ یەزدانی).

دوایی، باسی نەتەوە ئێرانی زمانــەکانی ئاسـیای ناوەندی دەکرێت. ســەکاکان Scythians نــەژادیان هیندوئەورووپاییە و زمانیان لــە زمانــەکانی ئێرانــی سەربە لقی زمانی ئاڤێــستایی بــووە. لــە نووســراوە بەردیینەکانی هەخامەنێشیەکاندا باسی سێ دەسـتە لە سەکاکان دەکرێت. ئــەوان نەتەوەیــەکی کۆچــەری بیابانگــــەرد[٣] بوونــــە. بەرزاییــــەکانی ناوچــــەی ((دووبرووجــــــا)) Doubrudja ((ســــــەکاییەی بــــچووك)) و سەرانــــسەری دەشــــتەکانی بــــاکوور و باکووریڕۆژهــــەلاّتی دەریــــای ڕەش ((ســــەکاکییەی ڕۆژهــــەلاّتی)) پێــــدەگووترێت. لــــەو توێژینــــەوە شوێنەوارناسیانەی کە لــە باشــووری ڕوسـیا کــراوە، کۆمەلّــە بەرهــەمێکی هونــەری ســەربەم نەتەوەیــە دۆزراوەتەوە. ئەوان دیاردە سروشتیەکانیان دەپەرست و گەورەترین بۆنەی ئایینیان بــۆ (یــەزدان ـــــ ژن) ی ئاگر بــەناوی تــابیتی ــــ ڤێـستا Tabiti-vesta بــــــەرپادەکرد. مردووەکانیــــــان لــــــەناو گــــــۆڕە تەپۆلّکەییەکاندا دەناشـت. هاوسـەری سـەرۆك هــۆز لەگەلّ مێردەکەی ولەگەلّ سـەدوپەنجا سـەر ئەسـپ و ســــوارەکانیان دەکــــوژران و دەناشــــتران و لەســــەر گۆڕەکان گردێکیان دروست دەکرد ئەم چەشنە گۆڕانە بە گۆڕی تەپۆلّکەیی نــاوبراون. ئاســەواری دۆزراوەی ئەم نەتەوەیە لە مۆزەخانەی (ئارمیتاژ پێترۆگراد) دا پارێزراون. ئەم نەتەوەیــە هــیچ شــێوە نووســینێکیان نەبوە، بەلاّم خاوەن هونەرێکی سەرسووڕهێنەر و بەرز بوونە.

ســارماتەکان Sarmatians یــش لــە نــەژادی هیندوئــەورووپی و ســەربە پــۆلی بــاکووری ئێرانــی زمانی ئاسیای ناوەندی بوون و زمانیان ســەربە لقــی ئێرانــی، شــێوەی ئاڤێــستایی بــوو. کیمریــەکان Cimmerians یش نەتەوەیەکی تــر لەنەتــەوەکانی سووارچاکی ئاسیایناوەندی بــوون. ئــەوان بــە دۆلّ و کوێرە ڕێکاندا بەرەو باشوور کەوتنەڕێ و ڕوویـان لــە بانی[٤] ئانــاتۆلی کــرد. هەنــدێ لــە مێژوونووسـانی ڕۆژگــاری دێــرین پێیــان وایــە ئەوانــە نەتەوەیــەکی ئەفسانەیین" هەندێکیش لێواری ڕووبــاری ئــاورنووس Avernus لــە ئیتالّیـا بــە شــوێنگەی کیمریــەکان دادەنێن، و تەنانەت ناوی نیمچە دوورگــەی کریــەش بــۆ ئــەوان دەگەڕێننــەوە. نــاوی فــەرمانڕەوکانیان ئێرانییــە. دەســتەیەکی تــر لــە کۆچــەرانی ئاسـیای ناوەندی ماساژێت Masssgetae کانن. هــیرۆودۆت و ئێسترابۆن جەختیان لەسەر ئەوە کردوە کە خواردنی ئەوانە بــەزۆری ماســی بــوە و ناوەکــەیان پەیوەنـدی لەگــەلّ وشــەی ماســی هەیــە. پێکهاتــەی خێزانیـان لەسەر بنەمای دایك ــــ ســالاری بــووە، هــیرۆودۆت دەلّێت کە زەماوەندی بەکۆمەلّ لەناو ئەواندا باو بوە. زمانیان وەکوو زمــانی ســەکاکان ســەربە کۆمەلّــەی ئێرانی و سەربە ئاڤێـستا بــووە. کــووڕووش پاشـای

گەورەی هەخامەنێشیان، لە جەنگێکدا لەگەڵ فەرماندەیەکی ژن بەناوی توومۆرۆس Tumoros کە سەربە نەتەوەی ماساژێت بوو شکەستی خوارد و کوژرا.

ئاریاکان نەتەوەیەکی مێگەلدار بوون کە لە ساڵانی نێوان (١٨٠٠ تاکوو ١٥٠٠) ی پێش زایین لە هیندەوە تاکوو باڵکان بڵاوببوون. بەڵگەکان پیشاندەدەن ئەم نەتەوانە کە بەرەو باشوور بەڕێکەوتن بە زمانێك دەدوان کە لە هیندوئەورووپییەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەو بەشەی لەو نەتەوەیە کە ڕێگای باشووری ڕۆژئاوایان گرتەبەر پێیان نایە ناو سەرزەمینی هیند و بەشەکەی تریش بۆلای ڕۆژهەڵاتی ئێران بەڕێکەوتن، بەڵام لە چیاکانی زاگرۆز ڕانەوەستان و هەروا بەرەو پێش ڕۆیشتن و نەتەوە دەشتنشینەکانیان خستە ژێردەست.

کۆمەڵگاکەیان لە سێ توێژ پێکدەهات و بریتیبوون لە: دەوڵەمەندان، خەڵکی ئاسایی، کۆیلەکان. سەبارەت بە باوەڕە ئایینیەکانیان، پێکهاتە و ئایینێکی تایبەتیان نەبوو. ئەسپداری و سووارچاکی و نێچیروانی تایبەت بە خێزانە دەوڵەمەندەکان بووە. هۆزی ماد Medes نەتەوەیەکی ئاریایی و لە نەژادی هیندوئەورووپی بوون. ئاترۆپاتس Atropates یان ئاترۆپاتێ atropate ناوێکە بۆ مادی (ئاترۆپاتێن) دانرا. یەکەمین دەستەڵاتی یەکگرتوویی ماد لە ساڵی (٧٠٥)[٥] ی پێش زایین دامەزرا کە یەکەمین دەستەڵاتی پادشایی ئاریاکان بوو لە جیهاندا.

دوای لەناوچوونی دەوڵەتی ماد بەدەستی پارسەکان، هەندێ لە هۆزەکانی پاسارگادی هەخامەنێشیان بۆ دەستەڵاتداری هەڵبژارد. هەخامەنێش بەگوێرەی نووسراوەبەردینەکانی داریووش دەناسرێت. کوڕووشی هەخامەنێشی لەسەر کورسی دەستەڵاتێك دانیشت کە خاوەن نیشتمانێکی بەرفراوان و توانایەکی زۆربوو. کوڕووش گیانی خۆی لەڕێگەی بەرفراوانکردنی نیشتیمانەکەی لەکاتی جەنگ لەگەڵ ماساژێتەکان لەدەست دا. گەرنگترین ڕووداوی مێژوویی لەسەردەمی دەستەڵاتدارێتی ئەودا گرتنی بابل و ئازادکردنی یەهوودیان (جوولەکان) بوو.

پارسەکان خۆیان نە بەپارسی بەڵکوو بە ئاریایی دادەنا" کە ئێستا پێیدەوترێ فارسی کۆن. دوای داریووش و خەشایارشا، ئیمپراتۆری هەخامەنێشی بەرەو لاوازی هەنگاوی نا و لە سەدەی چوارەمی پێش زایین بەدەستی ئەسکەندەر لەناوچوو. لە ڕۆژگاری هەخامەنێشیان ئایینی مەزداپەرستی[٦] لە سەرانسەری ئەم ئیمپراتۆریەدا تەشەنەی کرد. ئەوشتەی کە لە هوونەری میعماری هەخامەنێشیاندا گرنگە، پێکهاتەی ستوون (دینگە) و بینا ئایینیەکان بەتایبەتی ئاورکەدە و کۆشکەکان بوو کە بۆ دروستکردنیان کەڵك لە هونەری نەتەوەکانی ژێردەست وەردەگیرا.

دوای لەناوچوونی هەخامەنێشەکان و پاش هەشتا ساڵ دەستەڵاتدارێتی ئەسکەندەرو جێنشینەکانی، پارتەکان هاتنە سەرکار. لەسەدەی چوارەمی پێش زایین، هێزێکی یەکگرتوو لە دوو هۆزی (سەکایی ـــ سارماتی) بەناوی داهێ Dae بەرەو باکووری (گورگان)[٧] کۆچیان کرد، و دوواتر ناوی گورگان بەهۆی ناوی ئەوانەوە گۆڕا و بووە (دێهێستان).

بەپێی گێڕانەوەی مێژوونووسانی کۆن، ئەوان کۆمەڵە سوارچاکێك بوون کە لەڕووبەری نێوان دوو دەریای کاسپی و ئاراڵ دەژیان. سەرچاوە لاتینیەکان ناوی (پارتی)یان بۆ ئەم هۆزە داناوە کە واتای ((جوولان/بزاوتن)) دەدات. کۆنترین زانیاری سەبارەت بەم هۆزە لە سەرچاوە چینیەکانی سەردەمی هان Han دا دەستدەکەوێت. ئەشکانیەکان بە ئالای دەستەلاتیانەوە دەناسرێنەوە. پایتەختەکەیان لەسەرەتادا نەسا بوو کە ئەسپی نەسایییان تێدا پەروەردەدەکرا. ئایینی زەردەشتی لە سەردەمی ئەواندا لە ئارادابووە و لە سەردەمی ئەوان ئاڤێستا شێوەی نووسینی پەیداکرد. لە هونەر و میعماری ئەم گەلە شتێکی وەها جگەلە هەندێك نووسراوی سەرپێست و دینگەی بناغەی کۆشکەکان و هەروەها هەندێك دراو چیتر نەدۆزراوەتەوە.

سەردەمی ساسانی لە مێژووی ئێران و ڕۆژهەلاتدا گرنگیەکی زۆری هەیە، چونکە لەم سەردەمەدا دەستەلاتێکی بەهێز لە ئێران دامەزرا کە نزیکەی چوارسەد ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، و لەم سەردەمەدا بوو کە گرنگی و بایەخی سەردەمی هەخامەنیشی هەستی پێکراوە. ساسان (موغ[٨]) یێکی پەرستگای (ئاناهیتا)[٩] ی شاری پارس بوو، کوڕەکەی بەناوی (پاپەك) یان (بابەك) حاکمی (ئیستەخر)[١٠]ی فارس بوو و نازناوی پاشای هەبوو، وردەوردە بەهێزبوو و دوواتر (ئەردەشێر)ی کوڕی بەسەر تەواوی ئێراندا زاڵبوو. لەو سەردەمەدا لە ئێران زەردەشتیگەری بوو بە ئایینی فەرمی و ئاڤێستاش جارێکی تر لە سەردەمی ئەردەشێری یەکەم نووسرایەوە. لەم کاتەدا لە سەرانسەری ئێران ئاورگە دامەزرێنرا.

سەردەرێنانی کۆمەڵە ئایینێکی وەك مانەوی[١١] و مەزدەکی[١٢]، ڕەنگدانەوەیەك بوو لەبەرامبەر جیاوازی چینایەتی و ستەم و بێدادگەری کە لە خەڵك دەکرا، بەلاّم زۆر بەتوندی سەرکووت کران و پەیڕەوانەکەی پاشگەزبوونەوە. لە هونەری تایبەت بە ساسانی جەخت لەسەر گۆمەتی دەروازەیی و گۆمەتی چین چیندار دەکرێت و لە پیشەسازی و هەڵکەندن و نەخشاندنی کانزاکان پێشکەوتنێکی زۆر وەدەست هات و شوێنەواری کاریگەری ئەم پێشکەوتنانە بەسەر هوونەری نەتەوەکانی دراوسێی ئێراندا دەبینرێت.

## پێشەکی

لەڕۆژگارانی زۆر دوور زۆربەی ئەو نەتەوانەی کە ئێستا لە ئەورووپاو ئێران و هیند دادەنیشن، گشتیان سەربە یەك گرووپی نەتەوەیی بەناوی (هیندوئەوروپایی)[١٣] بوون. هۆی دانانی ئەم ناوە بۆ ئەم نەتەوانە، ئەوەیە کە بەهۆی کۆچی بەردەوام و تێکەلاّو بوونیان لەگەڵ گەلانی نیشتمانە تازەکان، کۆمەڵە نەتەوەیەکی نوێ درووستبوون کە لە ڕۆژهەلاّتەوە تاکوو هیند و لە ڕۆژئاواوە تاکوو سەرانسەری ئەورووپا بلاّوبوونەوە و نیشتەجێ بوون. زێدی سەرەتایی نەتەوە هیندوئەورووپیەکان پێدەشتەکانی (ئۆراسیا)[١٤] بووە. جگە لە کۆمەڵە گۆڕێك، شوێنەوارێکی تر لەم نەتەوە مێگەلدارانە بۆ شوێنەوارناسان بەجێنەماوە. لەوانەیە بتوانین نموونەی کوولتووری ئەم نەتەوانە لەلای هەندێ لەو گەلانەی کە بەشێوەی کۆمەڵەی بچووك و جیا لەیەکتر

دەژیـــێن، بدۆزینـــەوە. پێدەچـــێت کـــە بتـــوانین لەناوەڕاستی چاخی مەفرەخ لـە بەشـی هەرەگـەورەی دەشتەکانی ئاسیا و ئـەورووپا شـوێنەواری کۆمەڵـە شارسـتانیەتێك بدۆزینـەوە کـە خـاوەن کلتـوورێکی هاوبەشن و لەسەر بنەمای مێگەلداری بونیات نراون. لەوکاتـەوە کـە مێرگـەکان شـوێنی دارسـتانەکانیان گرتەوە و شارستانیەتی مێگەلداری بۆ وەدەستهێنانی زەوی نوێ پەلی دەکوتا، بەشێکیان بەرەو ڕۆژهـەلاَت هەڵکشان و دەستەیەکیشیان بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیـشتن و لە مێرگەکان پەڕینەوە و گەیشتنە ناوچە بـەیارەکانی کێڵگـەیی. لەوێـدا کۆمەڵـە نـەژادێکی تـازە و پـڕ سوودی ئاژەلاَنیان دۆزیەوە. لەم نیـشتیمانە تازانـەدا خـاوەن زەویـەکان لـە توانـای جووتیـاران سـوودیان وەردەگرت، ئەوانەش کەڵکیان لەم بارودۆخە وەرگرت و وایان لـە جووتیـاران کـرد تـاکوو کـاری چـاندنی دانەوێڵەیان بۆ بکەن. لە سالاَنی نێوان (١٨٠٠ تـاکو ١٥٠٠) ی پێش زایین، لە ناوچـەیەك کـە لـە هینـد تاکوو باڵکانی دەگرتەوە، بۆ لای باشوور بەڕێکەوتن. بەڵگەکانی ئەو نەتەوانەی کە بـەر هێـرش و دەسـت درێژی ئەم کۆچەرانە کەوتوون، دەسەلمێنن کە هەموو ئەو هێرشبەرانە بـە زمانێـك دواون کـە لـە زمـانی هیندو ئەورووپیەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم زمانە بە دایکی زمانە هیندو ئەورووپیەکانی کۆن وەك (ئێرانی کۆن، سانسیکریت، ژەرمەنی کۆن، گریکی، ئیسلاوی کۆن و هتە) دادەنرێت . دوایی ئەم زمانە کۆنانە جیا لە یەکتر گەشەیان کرد و پێشکەوتن و لقی نوێیان لێ جیـــابۆوە و لەکۆتاییـــدا بەشـــێوەی زمانـــە هیندوئەورووپیـەکانی ئەمڕۆکـەیی جێگیربـوون. بـۆ ناسینی ئەم زمانە و هـەروەها لقـەکانی جیابوویـان، زانـستی (زماننـاسـی) کۆشـشێکی زۆرو بەرچـاوی هەبوە، چونکە بۆتە هۆی ناسینی نەتـەوەکانی سـەر بەم گرووپە گەورەیە.

دەستەیەك کە لە نەتـەوە هینـدوو ئەورووپـەکان جیابوونەوە، (هیندوو ئێرانـی) و نازنـاوی ئاریاییـان پێدرا کە ڕۆژگارانێکی زۆر لە باشـووری ڕۆژهـەلاَتی وێستگەی بەرفراوانی هیندوو ئەورووپیەکانـدا ژیـان. واپێدەچێت کە ئەوانە لە دووایین سەدەکانی هـەزارەی سـێیەمی پـێش زایـین، واتـا بـەر لـە کۆچـڕەوە بەرفراوانـەکان، لـەژێر دەسـتەلاَتێکی یـەکگرتوودا بووبن. بەلاَم نـەك بـەواتای دەوڵـەتێکی یـەکگرتوو، بەڵکوو بەشێوەی کۆنی سەربەخۆیی خێڵەکی. ئـەوان خـاوەن زمـانێکی یـەکگرتوو و بـاوەڕی ئـایینی و کۆمەلاَیـەتی هاوبـەش بـوون. ئەگەرلـە کۆتـایی سـەدەکانی هـەزارەی سـێیەمی پـێش زایـین، لـە ڕۆژهەلاَتەوە، لە سنوورەکانی دەریاچـەی (باڵخـاش) لە قەزاقستان، تاکوو ناوچەی (دانـووب) لـەڕۆژئاوا، بە وێستگەی هیندوو ئەورووپیەکان دابنرێت" شوێنی ئاریاکان لە بەشی ڕۆژهەلاَتی ئـەم سـنوورە واتـا لـە دەریاچـەی باڵخـاش تـاکوو ناوچـەکانی ڕۆژئـاوای (ڤێلگا) بوە، و نیشتەجێی زەویـەکانی بـەپیتی ئـەم ناوچەیە و مێرگەکانی ئەم سنوورە بوونـە. ئاریاکـان یان هیندوو ئێرانیەکان لە سێ بەشی گرنگ پێکدێن. ١) ئەوانەی کە لەکۆتاییدا بەرەو شوێنێك بەڕێکەوتن کە دوواتر ناوی هیندی بۆ دانـرا. (٢) ئەوانـەی کـە لەسەرەتادا بەرەو (ئێریانام ڤئیيجـا Airyanamh vaejah[١٥] ناوچەی (خوارەزم) و (مـاوەراوالنهر) و دواتر دەشتەبەرزەکانی ئێران بەڕێکەوتن. (٣) بەشـی سـێیەم نەتـەوەکانی (سـاکا یـان ئەسـکۆیا

Saka/Sakuea) بوون، کە بریتی بوون لە نەتەوە کۆچەرەکان.

بە وردبوونەوە لە بارودۆخی نەتەوە هیندوو ئێرانیەکان یان خود ئاریاکان، بۆمان دەردەکەوێت کە پێکەوە بوون و نزیکایەتی نێوان ئەم نەتەوەانە زۆرترە لە کۆمەڵەکانی تری سەربە خێزانی هیندووئەورووپیەکان. لە بەراورد کردنی دوو زمانی ئێرانی و هیندی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕۆژگارێك لە نێوان ئەم دوو زمانە هاوبەشایەتیەك هەبوە. ئەم دوو نەتەوەیە، زاراوەی ئاریاییان بۆ ناساندنی خۆیان بەکاربردوە و دەتوانرێ بووترێت زمانی ئاریایی زمانێك بوە کە زمانی هیندیەکان و ئێرانیانی لێجیابۆتەوە. بێگومان ئەمە گریمانەیەکە. لە پاشماوەکانی زمانی ڕەسەنی هیندی، یەکێکیان زمانێکە کە بۆ نووسینی (ڤیداکان)[١٦] بەکارهێنراوە و ئەوی تریشیان ئەو کۆمەڵە زمانانەی کە لە زمانی ڤیداییەوە سەرچاوەیان گرتووە. زمانی ڕسەنی ئێرانی بریتیە لە، زمانی ئاڤێستایی کە لەخۆگری شێوەی کۆنی گاتەکان[١٧] و هەروەها ئەو شێوەیەیە کە خوورده ئاڤێستای و زمانی فارسی کۆن کە نووسراوە بەردینەکانی شاکانی هەخامەنیشی، پێنووسراوە.[١٨]

## نەتەوەکانی نیشتەجێی چیاکان و شارستانیەتەکەیان بەرلە هاتنی ئاریاکان

## ( ئاسیانیەکان Asianic )

### هیتیەکان Hittites:

هیتیەکان کە لە تەوراتدا بە (حەتتی) یان (حەتتیان) ناویان هاتوە، پێکهاتبوون لە خەڵکێکی ناوچەیی ـــ مەدیتەرانەیی" سەربە ئەنجومەنی دەستەلاتداریەتی نەتەوە هیندو ئەورووپیەکان بوون و لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پێش زایین لەڕێگەی باڵکانەوە هاتنە ناو ئاسیای بچووك و ئیمپراتۆریەتێکی گەورەیان لە ڕۆژئاوای ئاسیا دامەزراند. لەگەڵ دوو هێزی گەورەی ئەوسا، واتا میسر و میتانی Mittani کەوتە کۆرسەوە. لە سنووری دەستەلاتداری هیتیەکان کۆمەڵە نەتەوەیەکیتر بە زمان و کوولتووری جیاواز دەژیان. هیتیەکان لەسەدەی هەشتەمی پێش زایین بەهێزتر بوون. بەلاّم لە نزیك ساڵی ٦٥٠ ی پێش زایین، بەر هێرشی کیمیریەکان Cimmerians کەوتن و لاوازبوون و لەناو ئیمپراتۆریەتی ماد و هەخامەنێشیدا توانەوە.

هیتیایی زمانی فەرمی ئەم ئیمپراتۆریەتە بوو و پێکهاتەیەکی هیندو ئەورووپی هەبوو، و بەگشتی فەرهەنگی وشەکانیان لەخۆگری وشەی ئاسیانی ـــ قەفقازی بوو. ئەم زمانە بەدەر لە دابەشکردنی

سێتم Satem و کێنتۆم Centum خاوەنی تایبەتمەندی خۆی بوو.

لە نیشتیمانی هیتیەکان خەڵکانێك بەناوی هووریانیەکان Hurrians نیشتەجێبوون و لەژێر فرمانی توێژێکی دەستەڵاتداری هیندو ئێرانی دەژیان. هووریانیەکان لەناوچە شاخاویەکانی باشووری ڕۆژئاوای دەریای کاسپیەن نیشتەجێ بوون. دوایی بەرەو ڕۆژئاوا کۆچیانکرد و لەنزیکەی ٢٣٠٠ ی پێش زایین بەدواوە، چەند دەستەڵاتێکیان لە لێوارەکانی ڕووباری فووڕات و خابوور Khabur پێکهێنا کە یەکێك لەم دەستەڵاتانە دەوڵەتی میتانی Mittani بوو، ئەوان لە نووسینەکانیاندا کەڵکیان لە زمانی هووریانی کە زمانێکی قەفقازی ـــ ئاسیایی بوو، وەردەگرت. هەندێ لە ناوی پاشاکانیان ڕیشەیەکی ئاریایی هەبوو و خواوەندانێکی وەك ئیندرا Indra و ڤارۆنا Varuna کە لە دۆڵی سیند بایەخێکی فراوانیان هەبوو، لەناو پۆلی خواوەندەکانیاندا دەبینرا.

ئەو پۆلە ئاریاییانەی کە لە قەفقازەوە هاتبوون وردە وردە، لەناو خەڵکی ڕەسەنی هیتیایی و میتانی و کاسپیەکان Caspians دا توانەوەو لەناوچوون و تەنیا هەندێك شوێنەواری کوولتووری زمان و ناوی کەسان و ناوی کۆنی شوێنە جوگرافیەکانیان لێ ماوەتەوە.

**ئۆراڕتووکان** Urartians:

ئۆراڕتوو کە لە نووسراوە دێرینەکاندا بە شێوەی خالدی Khaldi ولە تەوڕاتدا بۆ ئاماژە پێکردن بە گەلی ئاراراتەوە هاتوە. تاڕادەیەکی زۆر هەمان ئەو سنوورە جووگرافیەی ئێستاکەی ئەرمەینیای دەگرتەوە لەگەڵ ناوچەی وان Van کە ئێستا سەربە دەوڵەتی توورکە[١٩].

دەوڵەتی ئۆراڕتوو لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆیەمی پێش زایین لە گۆڕپانی مێژوودا بەدیارکەوت، ئەویش لەسەردەمێك کە ئەو دەوڵەتە بەهێزانەی وەك میسر، بابل و هیتی کە بەدرێژایی ماوەی هەزارەی دوەمی پێش زایین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستەڵاتیان دەگێڕا، یان بەیەکجاری لەناوچوون یان بەرەو لاوازی و لەناوچوون دەڕۆیشتن. ناوی ئۆراڕتوو بۆ یەکەمینجار لەناو بەڵگە ئاشووریەکاندا دەبینرێت. لەم بەڵگانەدا، تەنیا باسی یەکێتی گەلانی نیشتەجێی ناوچە شاخاویەکانی ئەرمینیای سەربە ئاسیای بچووك، و چیاکانی باشووری دەریاچەی وان کراوە. ئەم گەلانە ئۆڕووئاتری Uruatri و نائیری Nairi یان پێدەووترا و وڵاتەکەیان لە نیشتیمان و فەرمانڕەوای تایبەت بەخۆیان پێکهاتبوو.

لەسەرەتای سەدەی نۆیەمی پێش زایین، ئۆراڕتووکان تێکۆشان سنووری خۆیان بۆ لای ڕۆژهەڵات و باشوور فراوان بکەن. دوایی لە نزیك ٨٣٤ ی پێش زایین، بۆ لای دەریاچەی وورمێ وەڕێکەوتن و سنووری خاکی ئاشووریان بەزاند، بەشێوەیەك کە ئاشووریەکان کەوتنە حەوڵی تۆڵە سەندنەوە. ئەو جەنگەی کە ڕوویدا درێژەی پێدراو و بەسەرهاتەکەی لەسەر لەوحەیەکی مەفرەغی ڕازێنەری دەروازەی کۆشکی شەڵمەنسەر Shalmanessar لە بالاوات Balawat ە. کۆمەڵە دیمانەیەك لەم جەنگە لەسەری نەخشێنراوە.

ئۆراڕتوەکان کە لەم جەنگەدا شکستیان خواردوە، جل و بەرگیان بەشێوەی هیتیەکان و ئاشووریەکانە. شەڕو پێکدانانێکی زۆر لەنێوان ساڵانی ٧٤٣ تاکوو ٧١٤ ی پێش زایین ڕوویدا، بەڵام سەرەنجام ئاشووریەکان کە بەگوێرەی ژمارە لە ئۆراڕتوەکان زۆرتر بوون، دوژمنانی خۆیان سەرکووت کردو خستنیانە ژێردەستەڵاتی خۆیان و باجێکی زۆریان بەسەردا سەپاندن. لە بەڵگەکاندا باسی ڕادەیەکی زۆر لە شتومەکی زێڕین، زیوین و ئاسنین کراوە کە بە ئاشووریەکان دراوە.

ئۆراڕتووکان کە بەشێوەی گەلانی ژێردەستی ئاشووریان لێهات، حەوڵیان دا تاکوو پەیوەندیان لەگەڵ ئاشووریەکان باش بکەن و لەئەنجامدا، لەسەردەمی دەستەڵاتی یەکێك لە پاشاکانیان بەناوی ئارگیشت Argisht ی دوەم، توانیان ئەو شارانەی کە بە هۆی جەنگ وێران ببوون نۆژەن بکەنەوە. لەم کاتەدا مادەکان کە بەدوای سەکاکان Scythians کەوتبوون، پێیان نایە سەرزەمینی ئەوان و بڕیاریان دا فەرمانڕەوایانی ئۆراڕتوو وەلانێن و کۆتایی ئەم دەستەڵاتە ڕابگەینن. بێگومان لەم مەبەستەیاندا بەتەواوی سەرکەوتن، چونکە دەوڵەتی ئۆراڕتوویان بەگشت دەستهاتە کوولتووریە پێشکەوتووەکەیەوە لەناو برد.

ئۆراڕتووکان بەهۆی کارامەیی سەرەنجراکێشیان لە پیشەسازیدا لەلایەن دراوسێکانیان ستایش دەکران. بەزۆری شتە دەستکردە مەفرەغیەکانیان بۆ لۆڕستان و ئاسیای بچووك و تەنانەت دوورتریش دەنارد. هەندێك لەم شتومەکانە لەناوچەکانی تراکیا Tracia (تراس) دۆزراونەتەوە. پیشەسازەکانیان دەیانتوانی پەیکەری بە قەوارەی ئاسایی دروست بکەن. کۆمەڵە بەرهەمێکی لەم چەشنە هونەرە لە ناوچەی تۆپڕاق قەڵات Toprak Kala لە توورکیا و کارمیر بلوور Karmir blur و ئارین بێرد Arin Bhrd لە ئەرمینیا دۆزراوەتەوە. تۆپڕاق قەڵات، یەکەمین شوێنی توێژینەوە، تارادەیەك گرنگە کە کۆمەڵە ئەفسانەیەکیان سەبارەت بە چۆنیەتی دروستکردنی خولقاند و دروستکردنەکەیان دایە پاڵ سیمیرامیس Semiramis . لە کۆتایی سەدەی نۆیەمی پێش زایین، ئۆراڕتووکان دەستیان بە فراوانکردنی سنووری خۆیان کرد و بۆ ئەم مەبەستە لە ناوچەکانی نێوان دەریاچەی وان و وورمێ، واتا ناوچەی مووساسیر Musasir ی ئاشووری و لە هەرێمەکانی هەڵکەوتووی باشووری دەریاچەی وورمێ و ئەوپەڕی قەفقازیا، دەستیان بە جەنگ و پێکدادان کرد. هەرێمی ناوەندی وڵات بەهێز کرا. پەرستنی ئەو پۆلە خواوەندانە هاتەئاراوە کە بەرلە ئێستا، هۆزە جۆراوجۆرەکان دەیانپەرستی. لە سەرووی گشت ئەم خواوەندانە، یەزدانی سێینەی ئۆراڕتوویی بەناوی هالدی Haldi ، تێئیشیبا Teisheba و شیوینی Shivini دانرابوو.

ئۆراڕتوو تەنانەت زۆرتر لە ئاشوور گەشەی کرد. لە ڕووداوەکانی ساڵانەی ساردووری Sarduri ، یەکێك لە پاشاکانی ئۆراڕتوو کە کوڕی ئارگیشت بوو و لە نیوەی سەدەی هەشتەمی پێش زایین لەسەر تەخت دانیشت، باسی سەرکەوتنە سەربازیەکان دژبە ئاشوور و فراوانبوونی سنووری ئۆراڕتوو و هەڵکشانی دەستەڵاتی ئەو دەوڵەتە تاکوو مەدیتەرانە و دەست

بەسەرداگرتنی ڕێگە گرنگە بازرگانیەکان، کراوە. ئۆراڕتوو بە ئەنجام دانی ئەم کارانە، ئاسیای بچووکی لەژێر دەستەلاتی ئاشووریەکان دوورکردەوە و کولتووری ئۆراڕتوویی لەناو ئاسیای بچووك، لە ناوچەکانی دەوروپشتی مەدیتەرانە، بەدیارکەوت. زاڵبوونی ئەم دەوڵەتە بەسەر ئەو ڕێگایانەی کە بە مەدیتەرانە دەگیشت لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئاشوور دژایەتی هەبوو و شێوەی دەوڵەتێکی دەرەجە دووی بەم وڵاتە بەخشی، بەڵام ئاشوور ئەو توانایەی نەبوو بەرەنگاری ئۆراڕتوو بێتەوە. شەڕ و پێکدادانێکی بەردەوام ڕوویدا بەڵام لەکۆتاییدا ئەوە ئۆراڕتووکان بوون کە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

ئۆراڕتوو دوای لەناوچوونی دەوڵەتی سیاسی دوژمنی خۆی واتا ئاشوور ، هەروا بەردەوام ماوە" چونکە لە ٦١٢ ی پێش زایین نەینەوای پایتەختی ئاشوور، کەوتە ژێر دەستی هێزی یەکگرتووی بابل و ماد و نەتەوە کۆچەرەکان. بەڵام دەوڵەتی ئۆراڕتوو لە ٥٩٠ ی پێش زایین، بەدەستی مادەکان، واتا ئەو نەتەوانەی کە تاکوو ئەو کات سەربە دەستەلاتی ئۆراڕتوو بوون، لەناوچوو.

ئەوکات کە ئارياكان گەیشتنە ئێرانی ڕۆژئاوا، لەناو گەلانێکدا نیشتەجێبوون کە خاوەن شارستانیەتێکی بەرزو و بەرچاو بوون. بەم چەشنە، ئەم جیهانگەڕانە لە نەتەوە بەزیوەکانی ژێردەستیان کۆمەڵێك شتی نوێ فێربوون. لەڕاستیدا، ئەم بابەتە کاریگەری خستە سەر مێژووی گەشەسەندنی تازەهاتوەکان کە پێشکەوتنیان لاوازتر بوو. پێدەچێت بەرەنگاربوونەوەیەك لەنێوان نەتەوەکانی نیشتەجێ و کۆچکردوەکان ڕوویدابێت. بەگوێرەی بۆچوون و گومان دەتوانین بگەینە ئەم ئەنجامە کە لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین، ئەوکات کە مادەکان و پارسەکان گەیشتبوونە دوایین شوێنی نیشتەجێ بوونیان، نەتەوە ئاریەکان لەم ناوچانەدا جێگربوون. لە ئاگرپادەگان[٢٠] و ڕۆژئاوای ئێران، مادەکان و هاتوەکانی تر تووشی خەڵکێکی ڕەسەنی ناوچەکە وەك ئۆراڕتووکان، ماناکان و هووریانیەکان و نەتەوەکانیتر بوون کە بەزمانێکی جیا لە زمانی نەتەوە هیندوئەورووپیەکان دەدوان. ئەم نەتەوانە بەزمانێك دەدوان کە پێدەچێت پەیوەندی لەگەڵ زمانی قەفقازیای کۆن یان بە زمانی یافتی ئەمڕۆکەیی هەیە کە لە قەفقازیا پێیدەدوێن. ئێرانیان عیلامیەکانیان بەناوی ئۆجە Uja یان هۆجە Huja دەناسن. ئەم وشەیە لە ناوی هەنووکەیی خووزستان[٢١] بەرچاو دەکەوێت. لەوانەیە عیلامیەکان پەیوەندیان لەگەڵ خەڵکێکیتر لەباکووری ئەو ناوچەیەدا واتا لەگەڵ لولووبیەکان Lullubians ، کاسیەکان، Kassites و گووتیەکان Guttians دا هەبوە. گومان دەکرێت کە لەنێوان گشت گەلانی نیشتەجێی ئێرانی ئەوسا، پەیوەندیەکی پتەوی نەژادی وکوولتووری، لە هەزارەی دوەمی پێش زاییندا هەبووبێت.

لەسنووری باکووری عیلام کە تاکوو سەدەی نۆیەمی پێش زایین ئارام و بێ هەستبوو، نیشتیمانی ئێلیپی Ellipi دەبینرێت. ئەم نیشتیمانە دۆڵەکانی زنجیرە چیاکانی باکووری ڕۆژهەلاتی دەگرتەوە و لەوانەیە سنوورەکەی تاکوو نەهاوەند[٢٢]ی هەنووکەیی هەڵکشابێت. ئەو خەڵکانەی کە پێیان دەووترا لوولووبی، دەشتی بەپیتی شارەزووریان

لەبەردەست دابوو. سنووری ناوچەکانی دێرینی لوولووبیەکان، لێوارەکانی باشووری دەریاچەی وورمێ و دەورووبەری ڕووباری ((جەغتۆ)) بوو. جا ئەوکاتەی کە لە سەدەی نۆیەم وەك پارێزگایەکی سەربە ئاشووری لێهات، زامووئا Zamua یان خود مازامووئا Mazamua ی پێووترا، باکووری ئەم ناوچەیەش نیشتیمانی ماناکان بوە" کە یەکەمین وێستگەی پارسیان لەکاتی ڕۆیشتنیان بەرەو پارسووماش Parsumash و دواتر پارسە Parse بوە.

**ماناکان Mannaean :**

ولاتی مانا لەباشووری دەریاچەی وورمێ بوو کە لەخۆگریبەشێکی گەورەی کوردستانی هەنووکەیی بوو و دانیشتوانەکەی ئاسیانی و تارادەیەکی زۆر بۆ پێشگیری کردن لە بەرەو پێشچوون و بەرفراوانکردنی سنووری مادەکان، بەهێزبوون.

ئەو ناوانەی کە لە دوو نووسینی پارێزراوی پاشاکانی ئاشووری، کە گوزارشتی ووردی گەشتێکی جەنگی لە سالی ٧١٤ی پێش زایین بەدەستەوە دەدات، پیشان دەدات سارگۆنی ئاشووری و سەربازەکانی بە تێپەڕین لە کێوی کوولار Kullar لە زێئاوی خواروو لەباکووری شارەزوور، گەیشتنە خاکی ماناکان. فەرمانڕەوای ئێلیپی ڕۆیشتە خزمەت سارگۆن و سەرکردەکانیتری ناوچەکانی زاگرۆز بۆ پێشکەش کردنی دیاری پەیوەندیان بە دەولەتی ئاشووری کرد. بەگوێرەی بەلگە ئاشووریەکان، لەنێوان دەستەلاتەکانی ناوچەی زامووا، دەولەتی مانا لە گرنگیەکی تایبەت بەهرەمەند بووە.

دەولەتی مانا لەسەدەی هەشتەمی پێش زایین، چەندین جار لەگەل ئاشوور و ئۆراڕتوو جەنگاوە. هیچ جۆرە نووسراوەبەردینێك لە پاشاکانی مانایی لەبەر دەست دانیە و زانیاریەکان تەنیا لەڕێگەی سالنامەکانی ئاشووری یان ئۆراڕتوویيەوە دەستکەوتوونە. دوواتر ولاتی مانا، لەبواری کوولتووری و شارستانیەت و ئابووری، ناوکی سەرەکی دەستەلاتی دەولەتی مادی لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین پێکهێنا. ولاتی مانا تواوە ناو دەولەتی ماد و مێژووی مانا و مێژووی ماد ئاوێتەی یەکتری بوو.

ئایین لە بیرو باوەڕی ڕۆژهەلاتی کۆندا فاکتەرێکی پڕبایەخ بوو. دوان سەبارەت بە ئایینی ماناکان بەگوێرەی دەقە ئاشووریەکان و هەندێ لە ناوە تایبەتەکان کە لەناو ئەم دەقانەدا هاتوونە، ڕوون و ئاشکرایە. وشەی ئیلانی Ilani، بەواتای ((خواوەندان)) لە نووسراوی پاشاکانی ئاشووریدا بەرچاودەکەوێت. سەبارەت بە شێوەی بوتەکانیان، تارادەیەکی زۆر بەپێی مەفرەغەکانی لۆرستان و وێنە نەخشێنراوەکانی سەر شوێنەوارە دۆزراوەکانی زێویيە Ziwiyyeh لە ولاتی مانا، دەتوانین بڕیاربدەین. بەلام بەگشتی بەلگەکان پیشان دەدەن کە ئایینی ولاتانی ڕۆژئاوای مادی کۆن لەگەل ئایینی هووریانیەکان و تارادەیەکیش لەگەل ئاشووریەکان یەکبووە.

هوونەری مەفرەغسازی لە لۆرستان وناوچەکانی ڕۆژئاوا، هوونەرێکی خۆمالی بوە. گۆدار Godar،

مەفرغ ناسی بەناوبانگ، بڕوای وایە کە سەردەمی ئەو مەفرغە درووستکراوانە لە بنارەکانی چیای زاگرۆز لە میزۆپۆتامیا، بۆ نزیکەی ١٢٠٠ ــ ١٠٠٠ ی پێش زایین دەگەڕێتەوە. گۆدار دەڵێت کە منناکان لە لۆرستان گەشەیان بە هونەری کاسیەکانیان داو سەکاکان کە لە ٦٨٠ ی پێش زایین هاتنە ناو خاکی ماد، فێری ئەو هوونەرە بوون. ئەو ناوچەیەی کە گەنجینەی زێویەی لێدۆزراوەتەوە، لە سەدەی هەوتەمی پێش زایین سەر بە خاکی منناکان بوە. منناکان لە دەوروبەری سالآنی ٦٦٠ ــ ٦٥٩ ی پێش زایین، بەرامبەر بە سەکاکان شکستیان خوارد و نیشتیمانەکەیان کەوتە ژێردەستی سەکاکان. لە سالّنامەی سارگۆنی دووەم پاشای ئاشووردا باسی وێرانبوونی ((ئیزیریتۆ Izirt)) پایتەختی منناکان و ((زیپیا Zippia)) کە هەمان زێویەیە کراوە. دوای ڕووخانی نەینەوا Ninveh لە ٦١٢ ی پێش زایین، ماناکان سەربە دەوڵەتی مادەکان و دواتر پارسەکان بەژمار هاتن.

### لوولووکان Lullubians:

نەتەوەیەکی کێونشینی ئاسیانی و نیشتەجێ لە زنجیرەچیاکانی زاگرۆز و باشووری وێستگەی گووتیەکان بوون. لە زمانی ئۆراڕتوویدا لوو Lu بەواتای ((پیاوو خەڵك)) بوە. ئەم وشە ئاسیانیە بە وەرگرتنی وشەیەك لە زمانی سۆمەری یان بە هەڵکەوت، لەگەڵ ((لوو)) لە زمانی سۆمەری کە بەواتای ((پیاوو مرۆڤ)) دێت و دووبارەبوونەوەی واتای ((کۆمەلآنی خەڵك))دەدات، هاوواتایە، چونکە لە زمانی سۆمەریدا یەکێك لەشێوەکانی کۆکردن، دووبارە کردنەوەی وشە بوە بەچەشنێك کە دووبارەکردنەوەی ((لوو)) واتا ((کۆمەلآنی خەڵك)).

بەگوێرەی سەرچاوە جۆراوجۆرەکان پێدەچێت لوولووبیەکان لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین خاوەن دەوڵەتێك بوونە کە لە چیاکاتی بەشی سەرەوەی ڕووباری دیالە تاکووو دەریاچەی وورمێ هەڵکشاوە. لەسەردەمی ئاشووریەکان، نیشتیمانی لوولووکان زامووئای پێووتراوە. لە زمانی هووریانی وشەی ((لوولوو)) بەواتای دوژمن و بێگانە بووە.

لەباکووری شاری ((سەرپۆلی زەهاب)) لەسەر ڕێگای هەمەدان ــ بەغدا، لە هەر دوولای ئاوی ((حەڵوان)) تەپکەی ((میان ــ کەل Miyan-kal )) و ((کەل ــــ گارا Kal-gara ، پیشاندەری سەرکەوتنی ئانۆبانینی Annubanini پاشای لوولووەکانە کە هۆزێکی سەربە کاشۆ بوون. مێژووی ئەم نەخشەهەڵکەنراوانە بۆ سەردەمی نارم ــ سین Narm-sinی پاشای ئەکەد دەگەڕێتەوە. ئەم نەخشەهەڵکەنراوانە پیشاندەدەن کە لوولووبیەکان لە نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پێش زایین خاوەن دەوڵەتێك بوونە و کۆمەڵگاکەیان بەسەر چین وتوێژی جیاواز دابەش دەکرا. جل و بەرگی ئانۆبانی لەم نەخشە هەڵکەنراوانەدا لەبەرگی خەڵکی ئاسایی دەچێت. زمانی هۆزەکەیان، گووتی ــــ لوولووبی یان میهرانی بوە و تاڕادەیەك خزمایەتی لەگەڵ زمانە باوەکانی سەر بە خێزانی عیلامی هەبووە.

هۆی هێرش و لەشکەرکێشی شاکانی سۆمەری و ئەکەد بۆ چیاکانی زاگرۆز، وەدەست هێنانی کۆیلە و دیل بوو. سەرچاوە ئاشووریەکان لەسەدەی نۆیەمی

پێش زایین، باسی کۆمەڵێك پیشەی (کانزاکاری) زۆر پێشکەوتوویان کردووە.

**کاسیەکان Kassites**

نشتیمانی ڕەسەنی ئەم نەتەوەیە لەهەزارەی سێیەمی پێش زایین، دۆڵەکانی لۆرستان و بەختیاری بووە. لەهەزارەی دووەمی پێش زایین، هەندێك لە هۆزەکانی ئاریایی لە قەفقازیاوە هاتنە ناو ئەوان و کاریگەریان بەسەر ئایین و هونەری ئەواندا کرد. ئارياییەکان چۆنیەتی پەروەردەکردن و بەکاربردنی ئەسپیان فێری کاسیەکان کرد. کالیگان Kaligan لەبەرئەوەی کە ئەم نەتەوەیە وەکوو میيتانیەکان Mittanians بە نەژادی سەربە قەفقازیایی دادەنێت، بڕوای وایە کە هونەری کانزاکاری ئەوان لە هوونەری مەفرەغەکانی لۆرستان، بۆ قەفقازیایی بوونیان دەگەڕێتەوە. هەرەها دەڵێت: کە ئەوان لە سووارچاکی لە نەتەوەکانیتر چالاکتر و کارامەتر بوونە و هەر ئەم کاسیانە بوون کە نەژادی ڕەسەنی ئەسپیان بۆ ئێران و میزۆپۆتامیا هێناوە.

دۆڵەکانی سەرسەوزی چیاکانی زاگرۆز و ناوچەکانی کوردستان، بۆ پەروەردەکردنی ئەسپ زۆر نایاب بوون و لە هەندێ شوێنی تایبەت لەم ناوچانەدا، ئەسپ بۆ گواستنەوەی سووپای ئێران بەکار دەهێنرا. خاوەنداریەتی ئەم شوێنانە کە بۆ پەروەردەکردنی ئەسپ شیاو بوو، خۆی یەکێك لە هۆکارەکانی ململانێی نێوان پاشاکانی ماد و پارس لەگەڵ ئاشووریەکان بوو.

هاتنی کاسیەکان بۆ لۆرستان بوە هۆی ئەوە کە گۆڕانکاری بەسەر هونەری ئەم ناوچەیەدا بێت. زۆربەی ئەم پیشانە بریتی بوون لە: ئامێرەکانی زین، لغاو و ئەو حەڵقانەی کە قەراسەی لغاوی بەناودا تێدەپەڕی و بە کەژاوەکانەوە دەلکان. کۆمەڵێك چەك وەکوو تەور و گوورز کە بەزۆری سەرەکەیان بەشێوەی ئەسپ بوو، درووست دەکرا. سەردەمی کاسیەکان، پڕ بەرهەمترین چەرخی کانزاکاری لۆرستان بوو.

هەندێ لە مێژوونووسان بڕوایان وایە شوێنی نیشتەجێبوونی کاسیەکان، چیاکانی زاگرۆز نەبوە. لەکۆتاییەکانی هەزارەی سێیەم لەناو بەڵگە ئاشووریەکاندا ناوی ئەم نەتەوەیە هاتووە. لە هەزارەی دووەمی پێش زایین، گەیشتوونەتە ناوچەکانی سەربە بابل. لەلایەن هەندێ لە مێژوونووسان جەخت لەسەر ئەم خاڵە کراوە، کە پاشاکانی کاسی نزیکەی ٥٧٦ ساڵ بەسەر بابلدا فەرمانڕەواییان کردوە.

پێدەچێت کە پاشاکانی کاسی سەر بە خێزانێکی ناوداری خاوەن دەستەڵاتی سەربازی بووبن، و هەربۆیەش توانیان ماوەیەکی زۆر دەستەلاتداری بابل بن، ئەمە پیشان دەدات کە ئەوان فەرمانڕەوایانێکی لێهاتوو بوونە. جگە لە هوونەری پەروەردەکردنی ئەسپ، دەبێ لە داهێنانی ئەوان واتا دانانی هێمای بەردین کە بۆ دیاری کردنی سنووری زەویەکان بووە، بدوێین. ئەم بەردانە کەبە کوودووروو Kudurru ناونراون، بریتیبوونە لە کۆمەڵە تەختە بەردێك کە پاشاکان بە پێی ئەوانەوە، دیاریان پێشکەش بەکەسانێکی دیاریکراو دەکرد و دیاریەکانیش بەشێوەی پارچە زەوی بوون. لەسەر ئەم بەردانە کۆمەڵە شتێك وەکو ناوەرۆکی گرێبەستەکان و هەروەها نەفرین کردنی ئەو کەسانەی کە مافی پێشکەشکراوەکە ژێرپێ بخەن، هەروەها هێماکانی

ســـەربە زانـــستی ئەستێرەناســـی و ســـەنبوولەکانی سەربەو خواوەندانە هەڵکەنرابوو کە دیاریەکان لـەژێر چـاودێری و ئاگـاداری ئـەوان دادەبـوون. لایـەنی سەرەنجراکێشی ئەم بەردانە تەنیا لەلایەن ئـابووری و ئایینیەوە نەبوو، بەڵکوو خاوەن بەهای هونەریشن.

لە هونەرەکانی تری کاسیەکان دەبـێ باسـی ئـەو مۆرانـــە بکـــەین کـــە هـــەنێك هێمـــای وەکـــوو ((ابوالهول))ی لەسەرە و پیشاندەری پەیوەندی لەگـەڵ میـسرییەکانە و هـەروەها خاچـی یۆنـانی، پارچـە بازنەییـــە باڵدارەکـــە و پەیکـــەری باڵنـــدەکان و گیانلەبەرانی تر کە پیـشاندەری کاریگـەری هونـەری بێگانەکانە.

**گووتیەکان Guttians:**

لە بەرهەمەکانی سـۆمەری و هوریانیـدا هـاتووە کە لەبنارەکانی ڕۆژئاوای زاگرۆز واتا لەو شوێنەی کە دوواتر مادی ڕۆژئاوای لیّ دامەزرا، گووتیەکان و ئەو هۆزانەی تـر کـە نزیکایـەتیان لەگـەڵ عیلامیـەکان هـەبوو، دەژیـان. دەتـوانین بڵـێین کـە پێکهاتـەی نەتەوەیی ئەم گەلانـەی مـاد، لـە هـەزارەی سـێیەم تـاکوو سـەرەتای هـەزارەی یەکـەمی پـێش زایـین، نەگۆڕاوەو وەك خۆی ماوەتەوەو خـەڵکی گـشت ئـەم ناوچەیە، لەدەریاچەی وورمێـوە تـا بەشـی سـەرووی ڕووبـاری دیالـە، گـووتی ـــ لوولـوویی بـوون. لوولووبیەکان لەناوچەکانی ڕۆژئـاواو گووتیـەکان لـە بەشـەکانی ڕۆژهـەلاّت نیـشتەجیّ ببـوون. بەڵگـەی باوەڕپێکراو لەبەردەست دان کە پیشان دەدەن زمـانی ئەم نەتەوەانە سـەربە زمـانی عیلامـی بـوە. ئـەوان نەتەوەیەکی کێونشینی ئاسیانی بوون کە نیـشتەجێی بەشی ناوەندی زاگرۆز بوون. لەوانەیە زاراوەی گووتی بۆ ناونانی ئەو کۆمەڵـە هـۆزە جیاجیایـەی کـە لـە بـاکوورو ڕۆژهـەلاّتی بابلـدا ژیـاون بـەکارهاتبێت و پیشاندەری شوێن و وێـستگەیەکی تایبـەت نـەبووە. ئـەدەبیاتی کـۆن، نیـشتیمانی ئـەوان لەگـەڵ زنجـیرە چیاکانی ((جوودی داخ)) لەباشووری ئاشوور، بەیـەك دادەنێـت. یاکووبـسۆن Jakobson سوومەرناسـی دانیمارکی، پێیوایە یەکێك لە شـاکانی گووتیـەکان بەسەر نارام ـــ سـینگ دا سـەردەکەوێت و نێپـوور Nippur ی شـــاری پـــیرۆزی ســـوومەریەکان داگیردەکات. هەرچەند کە بەڵگـەکان کـەمن، بـەلاّم هەندێك بابەت لەبەردەست دانە کە بەگوێرەی ئەوان، و بەپێی بۆچوون و گریمانە دەتوانین تایبەتمەندیـەکانی سـەرکەوتنی گووتیـەکان و هـەروەها فـەرمانڕەوایی کردنیان لە ناوچەی میزۆپۆتامیا بەدیاربخـەین. نـاوی پاشاکانی گووتی خاوەن دوو تایبەتمەندیە کە لـەوانی تریـان جیادەکەنـەوە: تایبەتمەنـدی یەکـەم، مـاوەی کوورتی فەرمانڕەوایی کردنیان و تایبەتمەنـدی دووەم، ئەو ڕستـەیەی کـە لەسـەرەتای لیـستی ناوەکانیـان هاتووە، ((هۆزی گووتیەکان پاشای نەبوو)).

**عیـــــلام Elam:**

عیلامیەکان بەناوی خووجـە Khuja و ئووجـە Uja ناسراون. خووزستان[٢٣] و خووجـستان نـاوە فارسـیەکەی ئەم نیشتیمانەیە. سوومەریەکان عیلامیـان بـە هێمـای کـــوورتکراوەی NIM پیـــشاندەدا و ئـــەم وشـــەیە لەسوومەریدا واتای ((سەروو))ی هەبوو. ناوی شـووش و عیلام وەکوو دوو نیشتیمانی گەورە لە نووسراوە بەردینە دۆزراوەکـانی سـەردەمی گوودێئـا Gudea لـە لاگـاش

Lagash کە یەکەك لە پاشا ناودارەکانی سوومەر و بابل بووە و لەدەورووبەری ٢٤٠٠ ی پێش زایین فەرمانڕەوایی دەکرد، دەبینرێت. لەسەر نووسراوە بەردینێك کە لە ١٥٠٠ ی پێش زایین لە هەوتگردی خۆزستان دۆزراوەتەوەو هی پاشایەکی عیلامیە، ناوی خووزستان بەرچاو دەکەوێت. ناوی خواوەندی ئینشووشیناك Inshusinak یش لەناو ئەم نووسراوە بەردینەدا هاتووە.

وشەی شووشن Shusan لەزمانی عیبرانی بەواتای ((سووسن))[٢٤] هاتووە و ناوی شارێکە کە یۆنانیەکان سووسای عیلامیان پێووتووەو خودی عیلامیش سووسیانای Suaiana ی پێووتراوە. شووشن یان شووشان شێوەیەك لە ناوی شاری شووشە و ئەم وشەیە لەناو نووسراوەکەی ئاشووربانیپال Ashur banipal لەکاتی سەرکەوتنەکانی لە عیلامدا ئاماژەی پێکراوە.

عیلامیەکان بۆ ڕۆژگارانی دێرینی مێژووی شارستانیەتی مرۆڤ دەگەڕێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زانیاریەکی زۆر سەبارەت بە ئەوانەوە لەبەردەست دانییە. ووتراوە کە یەکێك لە فەرمانڕەوایان و پاشایانی کیش Kish لە میزۆپۆتامیا، نیشتیمانی عیلامی داگیرکرد، بەلاَم ئەمەش جێگای گومانە. لەوانەیە ئەم نەتەوەیە پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی تری نیشتەجێی بنارەکانی زاگرۆز وەکوو لوولووبیەکان و کاسیەکان و گووتیەکان هەبووبێت و دەتوانین بڵێین کە جۆرێك پەیوەندی نەژادی و کوولتووری بەهێز لەنێوان گەلانی نیشتەجێی ڕۆژئاوای ئێرانی کۆن، لە هەزارەی دووەمی پێش زایین لە ئارادابوە.

لە هەزارەی دووەمی پێش زایین، دەستەلاَتێکی نوێ لە عیلامدا هاتەسەرکار کە پاشاکانیان خۆیان بە ((پەیامبەر ــ خواوەند، باوك و شا)) (بۆ ئەنزان Anzan و شووش) دادەنا. بەڵگە ئابووریەکان کە بە زمانی ئەکەدی و سەربەو سەردەمن پیشاندەدەن کە سیستەمێکی ئابووری گەشەسەندوویان هەبووە. لە سەرەتای هەزارەی دووەم، عیلامیەکان هێرشیان بردەسەر میزۆپۆتامیا و بابلیان داگیرکرد و شتێکی زۆریان دەستکەوت، لەو دەستکەوتانە ستوونی نایابی یاساکانی هەموورابی Hammurabi بوو کە لەگەڵ خۆیان بۆ شاری شووشیان هێناوە. بەلاَم سەرکەوتنی دوواتری هەموورابی بەسەر ئەوانەوە، پێش بەرەو پێشچوونی عیلامی گرت و لەم کاتەدابوو کە ناوی عیلام لەناو ساڵنامەکاندا سڕاوە" بەلاَم دوای سەدەیەك سەرلەنوێ لە سەردەمی دەستەلاَتی کووتیرناخوونتێ Kutir Nahhunte ی شای عیلام، ناوی عیلام بەرچاو دەکەوێتەوە.

سەبارەت بە نەژادی عیلامیەکان ناتوانین بڕیارێك دەربکەین، تەنیا دەتوانین بڵێین کە نەژادێکی تێکەڵیان هەبووە. هەرچەندە تاکوو ئێستا ناتوانراوە هیچ جۆرە پەیوەست بوونێکیان بە یەکێك لەو نەتەوە ناسراوانە دیاری بکرێت، بەلاَم پێدەچێت لەگەڵ گەلانی کێونشینی زاگرۆز نزیکایەتیەکیان هەبووبێت. لەسەر دیواری کۆشکی خاپوورکراوی داریووش لە شووش کە لەدەورووبەری ٥٠٠ ی پێش زایین بوونیاتنراوە، ڕەچەڵەکناسان، سێ جۆرە نەژادیان جیاکردۆتەوە. هەندێکیان پێست سپی و بەڕواڵەت ئێرانینە، ئەگەرچی جل و بەرگی عیلامیشیان لەبەردایە. دەستەکەی تر، قاوەیی و ئەوانی تر تاڕادەیەك ڕەشن. تەنانەت ئێستاش خەڵکانێکی پێست ڕەش لە خووزستان دەژیێن کە بە هیچ شێوەیەك لە ئەفریقیەکان ناچن. گوماندەکرێت کە دانیشتووانی عیلامی کۆن لە چەند نەژادێك پێکهاتبن و

بە یەکەمین دانیشتووانی ڕەش پێستی ئەم ناوچەیە دەژمێردرێن.

لەلایەکی تر، پێدەچێت ئەو پاسەوانە پێست قاوەییانەی کە پەیکەرەکەیان لەسەر دیوارەکانی کۆشکی شووش هەڵکەنراوە، ئەو عیلامیە کێونشینانە بن کە بەشێوەی هۆزی لۆر ماونەتەوە. زۆربەی لۆرەکان قژێکی ڕەش و پێستێکی بۆریان هەیە و لە ژیانی کێونشینی ڕاهاتوونە و بالآیان لە بالآی دانیشتووانی دەشت بەرزترە.

سەبارەت بە ڕەش پێستبوونی عیلامیەکان گووتراوە، لە سەردەمێکدا کە مێژووەکەی نادیارە یەکەمین پۆلی کۆچەران کە لە ئەفریقاوە ڕوویان لە عەرەبستان کردبوو، لە کەناڵی هۆرمۆز تێپەڕین و پێیان نایە باشووری بان. کۆمەڵێکیان لە بانەکە مانەوە و ئەوانیتر بەرەو نیمچە دورگەی هیند بەڕێکەوتن و لەوێ نێگریتوو (Negritu) یان پێگووترا. دوای ئەمانەش باشووریەکان و مەدیتەرانەییەکان و قەفقازیەکان ڕوویان لە بان کرد.

زانستی مرۆڤناسی ناتوانێت بسەلمێنێ کە دانیشتووانی ئەمڕۆکەیی ئێران بتوانن کۆمەڵەیەکی خێزانی یەکگرتوو پێکبێنن. چونکە لە دێرزەمانەوە دەشتەکانی ئێران گۆڕەپانی جەنگ و پێکدادان بووە، لەڕاستیدا ئێران پردێك بووە لە نێوان ڕۆژهەلاتی دوور و نشتیمانی میزۆپۆتامیا. بەم پێیە بەشی باشووری ئێران بەگوێرەی پێکهاتەی نەژادی و زمانی لە چەندین نەتەوە و زمانی جۆراوجۆر و جیاجیا پێکهاتبوو.

## پەراوێزەکان

١- پەرستنی هەندێ لە جۆرەکانی درەخت یان ڕوەك و گیانلەبەرانی تر کە لە ڕۆژگاری دێرین لەناو هەندێ نەتەوە و گەل و هۆزدا باو بووە و ڕێزێکی تایبەتیان لە درەخت یان گیانلەبەرێکی دیاریکراو دەگرت کە پێیان وابوو پارێزەری نەتەوە و هۆزەکەیانە.

٢- مەفرەغ پێکهاتەیەکی پیشەسازیە کە پێکهاتووە لە مس و مز کە کانزایەکی نەرم و زیوینە.

٣- ئەو هۆزە خێوەتنشینانەی بۆ دۆزینەوە و وەدەست هێنانی لەوەڕگای باشتر بەردەوام لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کۆچیان دەکرد, بیابانگەرد یان بیابانگەڕانی کۆچەریان پێدەگووترا.

٤- ئەو دەشتە بەرفراوانەی کە بەرزیەکەی لە نێوان ٢٠٠ تاکوو ٥٠٠٠ مەتر بێت فەلات یان بانی پێدەگووترێت.

٥- سالژمێری کوردی لەسەر بنەمای ئەم سالە ڕێکخراوە.

٦- واتا ئایینی زەردەشتی کە (ئاهوورا مەزدا) خواوەندی ئایینەکە و (زەردەشتی سپیتمان) یش پەیامبەر و پەیام هاوەرەکەی بوو.

٧- ناوچەیەکە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەلاتی ئێران.

٨- پێشەواو پیر لە ئایینی زەردەشتی.

٩- واتا پاك, لە ئاڤێستادا بەشێوەی ئەرێدووسوور ئەناهیتا هاتووە کە یەزدان ژنی ئاوەکانە یەکێك لە گەورەترین یەشتەکانی ئاڤێستاش بۆ ستایشکردنی ئەم خواوەندە تەرخان کراوە.

١٠- ناوی ناوچەیەکە لە مەڵبەندی ویلایەتی پارس یان فارس.

١١- ئەم ئایینە لەسەر دەستی نیگارکێشێك بەناوی مانی لە سەردەمی پاشای ساسانی شاپووری یەکەم سەری هەڵدا و مانی کتێبێکی پێشکەشی پەیرەوانی خۆی کرد بەناوی ئەرژەنگ و ئایینەکەی ئاوێتەیەك بوو لە بیرو باوەڕی ئایینەکانی تر وەکوو زەردەشتی و یەهوودی و مەسیحی.

١٢- واتا پەیڕوی مەزدەك، ئەم ئایینەش لەسەردەمی ساسانیەکان لە سەردەمی پاشایەتی قووبادی ساسانی لەسەر بنەمای یەکسانی و هاوبەشی بوونیات نرا و قوبادیش بوو بە پەیڕەوی مەزدەك بەلاّم لە سەردەمی ئەنۆشیرەوان مەزدەك و چەندین هەزار پەیڕەوی کوژران.

١٣- کۆمەڵە خەڵکێکن لە نەژادی سپی کە لە هیندەوە تاکوو ئەو پەڕی ئەورووپا بەربلاّون و بەسەر هەشت بەشدا دابەش دەبن: ئاریایی، یۆنانی و مەقدوونی، ئەرمەنی، ئەڵبانیایی، ئیتاڵیایی، سەڵتی، ژەرمەنی، لیتوانی و سلاڤیایی.

١٤- دەشتەکانی نێوان ئەورووپا و ئاسیا.

١٥- لە ئاڤێستادا بەشێوەی ئێیریەناڤەییجا واتا نیشتیمانی ئێرانیان هاتووە و زۆربەی ڕووداوەکانی ئایینی و ئەساتیری کۆنی ئێران کە لە ئاڤێستادا ئاماژەیان پێکراوە لەم ناوچەیەو لە لێواری ڕووباری دایتیا ڕویداوە. بە پێی ئاڤێستا لەم نیشتیمانە ولە کەناری ئەم ڕووبارە پیرۆزەوەیە کە زەردەشتی پەیامبەر لەگەڵ ئاهوورا مەزدا و ئەمەشاسپەندان گفتوگۆ دەکات، جا بۆیە ئەم نیشتیمانە و ئەم ڕووبارە وەکوو پیرۆزترین شوێنن ڕێزی لێدەگیرێت.

١٦- کۆنترین نووسینەکانی ئایینی لە هیندا بریتینە لە نووسراوەکانی سانسکریتی هیندو- ئەورووپی کە ڤیداکانیان پێدەگووترێت. وشەی ڤیدا بەواتای زانست دێت و مێژووی ڤیداکان دەگەڕێتەوە بۆ ١٥٠٠ تاکوو ٦٠٠ ی پێش زاین. وە.

١٧- لە ئاڤێستادا بە شێوەی گاپا هاتووە و ناوی کۆنترین بەشی ئاڤێستایە کە پێنج سروودەکەی زەردەشتی سیپیتمان دەگرێتەوە، ئەم سروودانە بە هی خودی زەردەشت دادەنرێن.

١٨- زمانی کوردیش سەربەم خێزانە زمانەیە و هەروەها کۆمەڵێك وشەی هاوبەش لەنێوان زمانی کوردی و زمانی ئاڤێستایی و پەهلەوی و فارسی کۆندا بەرچاو دەکەوێت.

١٩- وان ناوچەیەکە لە کووردستانی ژێردەستی توورك کە سنوورە لێکترازاوەکانی باکوور و باشوور و ڕۆژهەلاّتی کوردستان بەیەکەوە دەلکێنێت.

٢٠- بەشێکە لە خاکی کوردستان، کە ئێستا پێیدەوترێ ئازەربایجان و سەربە کوردستانی ژێردەستی ئێرانە. وە.

٢١- ناوی پارێزگایەکە لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران. وە.

٢٢- ناوی شارێکە لە ولاّتی ئێران.

٢٣- ناوی پارێزگایەکە لە باشووری ڕۆژهەلاّتی ئێران و دەکەوێتە نزیك کرمانشان و ناوچەی هەورامان.

٢٤- یان زەنبەق و زەنبەك ناوی ڕووەکێکە کە گەلاکانی درێژە و وەکوو دەرمانیش بەکاری دەبەن.